# سەرەقەڵەمێک لەبارەی ڕەخنەی ئەدەبی

ن: دکتۆر: ئیبراهیم مەحمود خەلیل

**رەخنەی ئەدەبی چییە؟ رەخنە criticism ئەو هونەرەیە کە گرنگی بە کاری ئەدەبی و هونەری دەدات، لەسەر بنەمای زانستی، شیکردنەوەو شرۆڤەی کارە ئەدەبییەکان دەکات، هەروەها پشکنەری زانستی دەقی ئەدەبی دەکات لە رووی سەرچاوەو تەندروستی دەق و دارِشتن و پەسەن و مێژوویەکەیەوە، دیارە چەمکی رەخنە بەو واتایەوە هاتووە لە زۆربەی سەرچاوە عەرەبییەکانی وەک قودامەی کوڕی جەعفەر لە پەڕتووکی "رەخنەی شیعر" ساڵی 337ی کۆچی و نووسراوەکانی تەها حوسێن و ئیبن رەشیق ئەلقیرەوانی. کاتێ وشەی رەخنە خرایە سەر چەمکی ئەدەب LITERARY CRITICISM بۆ گەیاندنی سوود بوو بەو شێوازو ئەو رێگە پەیڕەوکراوانەی لە شیکردنەوەی کارە ئەدەبییەکان و رێکخستن و دابەشکردن و جیاکردنەوەی خراپ و باش لە یەکتری، ئینجا ئەوە سەبارەت بە نووسەرە کۆنەکان یان نووسەر نوێیەکان بێت، بە ئامانجی بەدیارخستن و دۆزینەوەی داهێنان و لایەنەباشەکانی ئەو دەقە ئەدەبییە، ئاماژەکردن بەو لایەنانەی کە وردو سەنگینو حوکم لەسەر لایەنی بەهێزی و لاوازیی ئەو دەقەوە دەدات، لەبەر رۆشنایی ئەو پرەنسیپانەی کە پێویستە لە رەخنەگردا هەبێت، کاتێ حوکم لەسەر دەقێکی ئەدەبی دەدات.**

و: شوکر سلێمان

گەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوو دەبینین هەر لە سەدەی شازدەیەمەوە ئەرکی رەخنەگری ئەدەبی بەدیار کەوت و تێپەڕی کارە ئەدەبییەکان و لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەی کرد بۆ خۆناساندنێك لەژێر تیۆری ئەدەبیدا Litirary theory یان تیۆرەکانی ئەدەب theory of literature بە پشتبەستن بە کۆمەڵێك رێسای زمانەوانی و فەلسەفی و هونەری و جوانکاری ئەمەش بووە هۆی کرانەوەی مەیدانێکی کراوەی کێبرکێکراو بۆ رێبەرایەتیکردنی زانستەکانی مرۆڤایەتی جۆراو جۆری وەك فەلسەفەو کۆمەڵزانی و مێژوو، تاکو ئێستا گفتوگۆکان بەردەوامن لەسەر سەربەخۆیی رەخنەی ئەدەبی لەو زانستانەی ناومان بردن، بۆ جیاکردنەوەی وەزیفەی رەخنەی ئەدەبی لە رووی ئامانج و ئەرکەوە بە شێوەی جیاواز بەکار هێنرا، ئەمەش چووە ژێر شێوازو ناوی جیاجیاوە لە رووی ئامانج و جۆری رەخنەی ئەدەبییەوە، وەك رەخنەی ئەدەبی ئینتیباعی impressioniste criticism ئەو رەخنەیەیە کە رەخنەگر گرنگی بەوە دەدات بە پێشکەشکردنی ئینتباعاتی تایبەتی خۆی دەربارەی کاریگەریی ئەدەبی کە شێوازێکی بریقەدارو سەرنجراکێش لەخۆ دەگرێت، بەڵام رەخنەی رەوانبێژی Rhetorical criticism هەموو رەخنەی کۆنی عەرەبی لەم شێوازە بوون، بەڵام رەخنەی جێبەجێکاری Practical criticism ئەو رەخنەیەیە کە گرنگی بە شیکردنەوەی ئەدەب دەدات لە رووی ناوەڕۆکەوە، بەبێ گەڕانەوە بۆ هۆکارەکانی نووسین یان ژیانی نووسەر.

ئەو شێوازە رەخنەییە خۆی لە کارەکانی رەخنەگری بەریتانی (I. A. Richards) پەرتووکەکەشی لە بابەت پرەنسیپەکانی رەخنەی ئەدەبی بوو. بەکارهێنانی چەند چەمکێکی وەك فەلسەفەو دەروون و رەوشت و کۆمەڵایەتی ئاماژەبوون بۆ جۆرەکانی رەخنەی کاریگەر بە فەلسەفەو رەوشت و کۆمەڵگە، زمانەوانی بۆ ئاماژەکردن بوو بۆ رەخنەی کاریگەر بە زانیاری و رێساکانی زمانەوانی لە رووی سەرف و رێزمانەوە، قسەکردن لەسەر رەخنەی زمان و زمانەوانی لەسەردەمی ئێستاماندا رەهەندی تایبەت ونوێ وەردەگرێت، پێویستیمان بە وەستانێکی دوورو درێژ هەیە کاتێ قسە لەسەر قوتابخانەکانی رەخنەی ئەدەبی نوێ دەکەین.

کاتێ قسە لە رەخنەی ئەدەبی دەکەین نابێ جۆرەکانی دیکەی رەخنەمان لە یاد بچێت وەك رەخنەی درامایی Dramatic criticism هەروەها رەخنەی بەراوردکاری Comparative criticism ئەو رەخنەیەیە کە کار لەسەر بەراوردکردنی دوو دەقی ئەدەبی جیاواز لە دوو زمانی جیاواز دەکات، وەك بەراوردکردنی رۆمانی رۆبنسۆن کرۆزی نووسەری بەریتانی"دیفو" هەروەها رۆمانی"حی بن یقظان" "لابن طفیل العربی" یان بەراوردکردنی شیعرەکانی"فرلین" لەسەر زمانی باڵندەو ئاژەڵەکان بە چیرۆکی "کەلیلەو دەمنە"ی "ابن موقەفع"، بەڵام رەخنەی پاراو Pure criticism ئەوەندەی گرنگی بە تیۆرەکانی ئەدەب دەدات ئەوەندە گرنگی بە کاری ئەدەبی دیاریکراو نادات، هەر یەك لەپەرتووکەکانی تیۆرەکانی ئەدەبی"رێنیە ویلك wellek" و ئۆستن ورۆن warren) نموونەن بۆ ئەو شێوازە رەخنەییە، هەندێکی دیکەش لە نووسەران ئەم رەخنەیە بە رەخنەی تیۆری ناو دەبەن لە بەرامبەر رەخنەی جێبەجێکاری.

لە سەرەتاوە پێویستە ئێمە جیاوازی لەنێوان رەخنەی ئەدەبی و مێژووی ئەدەبدا بکەین، رەخنە وەك لە پێشەوە ئاماژەمان بۆ کردو پێناسەمان کرد، بەڵام مێژووی ئەدەب چۆنیەتی رێکخستنی کارە ئەدەبییەکانە لە رووی زەمەن و کاتەوە بە پێی دەرکەوتن و پەیدابوونی کاریگەرییەکان و هۆکارەکانی بوونەتە هۆی سەرهەڵدانی یان کپبوونەوەی، هەروەها زانینی ژیان و بەرهەمە ئەدەبییەکانی شاعیران و نووسەران، مێژووی ئەدەبی لە راستیدا گرنگی بە شیکردنەوەی دەقە ئەدەبییەکانی نووسەران نادات و جیاکاری لە رووی گرنگی و گەورەیی یان بێهێزی و لاوازی ناکات، بەڵام لە زۆر رووەوە سوود بە رەخنەی ئەدەبی دەگەیەنێت، مێژوونووسانی ئەدەبیش لە زۆر رووەوە سوود لە رەخنەگران وەردەگرن بۆ چۆنیەتی رێکخستن و دیاریکردنی شوێن و پایەی ئەدیبەکان، کارە رەخنەییەکان ئەوانەی گرنگی بە لایەنی مێژوویی دەدەن بە وشەی "رەخنەی ئەکادیمی ناوزەد دەکرێت، رەخنەی ئەکادیمی Acadimic Criticism ئەو رەخنەیەیە گرنگی بە سەیرکردن لە رابردوو لە ئێستا زیاتر دەدات، لەم رووەوە رەخنەگری بەریتانی "گراهام هو" لە بابەتێکی رەخنەییدا دەڵێت : ئەگەر رەخنەگر لەسەر رابردووی نووسی بەبێ گوێدانە ئێستا، ئەوە تەنیا رەخنەگرێکی ئەکادیمییە، بەڵام ئەگەر رەخنەگر لەسەر ئێستای نووسی بەبێ گوێدانە رابردوو ئەوە


ولیەم وۆردز وۆرس

رەخنەگرێکی رۆژنامەوانییە.

تێگەیشتنمان بۆ رەخنە زیاتر دەبێت کاتێ جیاوازی لەنێوان کۆن و نوێدا دەکەین، رەخنەو ئەدەب پێکەوە سەریانهەڵداوە، ئەگەر ئەدەب بە شێوەیەکی تەواو لەدایکبووبێت، بەڵام رەخنەی ئەدەبی بە شێوەیەکی زۆر هێمن و لەسەرخۆ پێیگرتووە، ئەمەش بۆ ئەو کاریگەرییە دەگەڕێتەوە کە گەشەسەندن و پێشکەوتنەکەی پابەند بوو بە جیاوازی ئەوەی ویستراوە، کاتێ ئەو دەقە ئەدەبییە چەندە کاریگەری بەسەر دەروونی خوێنەردا جێهێشتووە بەهێز بووە یان بێهێز، کاتێ دەقێکی ئەدەبی لەلایەن داهێنەرێکەوە دەخرێتە پێش چاوی خوێنەر پێویستی بە کاتێکی زۆر هەیە تاکو دەخەملێت و رێسای تایبەتی خۆی وەردەگرێت، کە بە رەخنە ناودەبرێت، لێرەدا ئاسانە فێربوونی ئەو تیۆرەو بەکارهێنانی لە لێکۆڵینەوەی جۆرەکان و شێوازەکانی ئەدەب و رێکخستن و دابەشکردن و حکومدان لەسەری.

لە هەر سەدەمێك لە سەردەمەکانی ئەدەب تیۆرێکی رەخنەیی بەسەریدا زاڵ بووەو بەسەر هەر تیۆرێکی رەخنەی ئەدەبیشدا کە گونجاو بووە بۆ پراوەکردن و جێبەجێکردن، لێکۆڵڤان جیایکردووەتەوە کە چەندە ئەو تیۆرە گونجاوو راست و دروست بووە لە هەڵسەنگاندنی کارە ئەدەبییەکە، بۆ نزیکبوونەوە لەوبیرۆکەیەو ئەوەی لێرەدا پێویستە ئاماژەی پێبکەین تیۆری درامایە لای ئەرستۆ، دیارە دراماش پێش سەرهەڵدان و بەدیارکەوتنی بە چەند سەدەیەك لە رێگەی تراژیدیاو کۆمیدیاوە ناسراوەو گەشەی کردووەو پێگەیشتووە، شاعیرانی گریکی کۆن بۆ نموونە سۆفۆکلیس و یوربیدیس شتێکیان لە بابەت رێساو بنەمای شانۆگەری نەزانیوە، لەگەڵ ئەوەشدا شتێکی ئاسایی بووە لایان، بەڵام کە ئەرستۆ هات رێسای ئەو هونەرەی خستە بۆتەی پەڕتووکە بەناوبانگەکەی"هونەری شیعر" دەتوانین هەمان شتیش لە بابەت شیعری عەرەبییەوە بڵێین کاتێ خەلیل کوڕی ئەحمەد بەر لە سەدان ساڵ عەروزی


ڕینیه ڕیلکه

خستە بۆتەی رێسایەکەوە کە هیچ یەکێك لە شاعیران ئەوەیان نەدەزانی، بەڵام خەلیل هات و کێش و سەروای لەنێو شیعردا شرۆڤەکردو لە دووتوێی پەڕتووکێك بەناوی"العروض" کۆکردەوە.

ناکۆکیی باڵە ئەدەبییەکان لەسەردەمەکانی ئەدەبی رابردوودا زۆر جار بۆتە هۆی گەشەسەندنی رەخنەو رووخاندنی، بەڵام لە سەدەکانی ناوەڕاستدا کاتێ کەنیسە هەیمەنەی خۆی بەسەر لایەنی رۆشنبیری و بەرهەمە ئەدەبییەکاندا سەپاند، بەتەواوی بووە هۆی نەمان و رووخانی رەخنە، بەڵام لە کەلتووری عەرەبی بیرۆکەی رەخنەی ئەدەبی روون نەبۆوە تەنیا وەکو زانستێك لە زانستەکانی زمانەوانی نەبێت، ئەویش بۆ سەدەی سێیەمی کۆچی دەگەڕێتەوە، پێش ئەو مێژووە روانین بۆ کارە ئەدەبییەکان تەنیا بۆ جوانترین دێڕە شیعرو باشترین دێڕو شتی لەو بابەتە بووە، هەر لەو سەردەمەدا نووسین لە بابەت رەوانبێژی و رەخنە لای خەڵك هاتووەتە کایەوە، وەکو بنەمایەك بۆ لێکجیاکردنەوەی ئەدەبی باش و چاك، بەڵام لە سەدەی چوارەمی کۆچی هەندێ رەخنەگر سەریانهەڵدا بۆ نموونە: ئامەدی و قازی عەبدولعەزیز جرجانی کە تارادەیەك نزیکبوونەوە لە رەخنەی میتۆدی، بەڵام ئەوەی جێگەی داخە ئەم کاروانە بەردەوام نەبوو، رەخنەی ئەدەبی عەرەبی نەیتوانی گەشەبکات و بگاتە ئاستی لێکهەڵوەشانەوەگەرایی و کۆمەڵێك پرەنسیپی خاوەن هزر، بەڵکو زیاتر لە دووتوێی رەخنەیەکی سادەو ساکارو زیاتر لە بۆتەی رەوانبێژیدا مایەوە، رەوانبێژی زیاتر بووە جێگەی بایەخ و گرنگی لە هەموو لایەنەکانی دیکە زیاتر، ئەمەش وایکرد رەخنەی عەرەبی کۆن خاڵی بێت لە تیۆری پڕ بەها کە رەخنەگر کاری لەسەر بکات لە شرۆڤەو یەکلاییکردنەوەی دیاردەکانی ئەدەب.

لە سەردەمی راپەڕینی ئەورووپا"رێنیسانس"دا دووبارە زیندووکردنەوەی بیرۆکەو هزری رەخنەی ئەرستۆ تالیس سەریهەڵدایەوە، دووبارە پەڕتووکەکەی زیندووبۆوەو، تێگەیشتن کە پەرتووکەکەی لە بابەت مەرگەساتەوەیە، هەروەها تێگەیشتن لە سێ یەکێتییەکە کە ئەوانیش یەکێتی رووداو و کات و شوێنە، کە ئەوانە شتی لە خۆوە نین، لەگەڵ ئەوەشدا ئەرستۆ بووە یەکەم و دوا سەرچاوەی رەخنەی ئەورووپی بە درێژایی ئەو سەدانە، هەروەها پەرتووکەکەی"لۆنجانیۆس" و پەرتووکەکەی هۆراس"هونەری شیعر" بە رەخنە ناسرا، لێرەوە ئەدەب تۆزێك لەو رێساکانی ئەرستۆ نزیکبووە، هەروەها تێپەڕی ئەو واقیعەی کردو هەنگاوی بەرەو کلاسیکییەتی نوێ هاوێشت و نزیکبۆوە، دوای ئەوە دەرکەوتەکانی شۆڕشێك بەسەر ئەدەبی کلاسیك و رەخنەی کلاسیکی هاتە کایەوە، کە دواتر بە رۆمانسیەت ناسرا، کە دواتر لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەیەمەوە بەتەواوی بەدیار کەوت، ئەو شۆڕشە هەر تەنیا دژ بە ئەدەبی کلاسیکی نەبوو، یان بەدوای رێگە نوێکانی دەربڕین و هزری نوێ لە بنەماکانیدا بدۆزێتەوە، بەڵکو لە رووی رەخنەشەوە بە جیاواز لەو رێبازەدا کەوتەوە، تیۆری رەخنەی رۆمانسیش دەرنەکەوت هەتا زەمەنێکی زۆر بەسەر کەلەکەبوونی کارە ئەدەبییەکان و داهێنەرانی نووسەراندا نەکەوتەوە، لێرەوە رەخنەی رۆمانسی کەوتە بەدیارخستنی لایەنە جوانەکانی رۆمانسییەت لە تایبەتمەندییەکانی ئەستاتیکاو زمانەوانی کە ئەوانە بە لایانەوە گرنگترین رەگەزی ئەدەبن، هەروەها زۆر جەختیان بۆ نموونە لە لایەنی سۆزداری و هێزو ئەندێشە دەکردەوە، وەك ئەوەی هونەر بەگشتی و شیعر بە تایبەتی لێدانێکی مەعریفی هەستەکی بێ بە پێچەوانەی ئەدەبی کلاسیکی کە زیاتر کاری لەسەر ئاوەزو لۆژیك دەکرد، لێرەوە رەخنەی رۆمانسی کەوتە چالاککردنی زمانی ئەدەبی بە پشتگوێخستنی لایەنی چەمك و زاراوەی خواستراو، بەڵکو کەوتنە گرنگیدان بە لایەنی زمانەوانی باو لای خوێنەران و هەڵهێنجانی دەقە هونەرییەکان لە ئەدەبی میللی و داستان و ئەفسانەو حیکایەتەکانەوە.

لە رەخنەگرانی ئەو قوتابخانەیەش لە ئەدەبی ئینگلیزیدا شاعیرانی وەك ولیەم ورزوروس و سیموئیل تایلۆر کۆلردج کە رەخنەکانیان زیاتر شیکردنەوەو شرۆڤەی پێوە دیاربوو شانبەشانی رەخنەگرانی وەك گۆتەو هیگۆو سانت بیف و ماسیۆ ئارنۆلد و ئەوانی دیکە، هەر لێرەوە بە پێویست زانین و ناسینی کاروانی رەخنەی ئەدەبی و گەشەسەندنی وامان لێدەکات هەڵوەستە لەسەر لایەنی مێژوویی رەخنەی ئەدەبی بکەینەوە.

**سەرچاوە: نقد الادبی الحدیث من محاکات الی التفکیك**

# نهێنیی تازەی ڕووباری نیل

ئا: کولتوور

**گروپێکی شوێنەوارناسی فەڕەنسی خەریکن دەگەنە شوێنی سێ پەیکەری نەدۆزراوە، لەلایەکی دیکەشەوە شوێنەوارناسێکی میسری لەسەر گۆڕی کیلۆپاترا کاردەکات. نزیکەی دەپارچەیەک لەکەلوپەلی جیاواز و تاخمێکی تەختەی ماتەمینی کە زۆر بەساغی ماونەتەوە، زاناکان تاکو ئێستا لەو شوێنەدا دۆزیویانیانەتەوە لەگەڵ کۆمەڵێک کاری لە دار دروستکراو.**

لەمیسردا ئەو شوێنە دەکەوێتە نزیکەی 30 کیلۆمەترێك لە خوارووی رۆژئاوای قاهیرەوە و ناوی شوێنەکە"سەقارە"یە و واپێشبینی دەکرێ کە گەنجینەیەکی گەورەی تێدا بدۆزرێتەوە. کریستیان زیلگەر کە سەرۆکایەتیی ئەم تیمە دەکات هەر لەساڵی 1991ەوە لەبواری پشکنینی ئارکیۆلۆژیی ناوخۆییدا، لەم مانگەدا ئەم دۆزینەوانەی راگەیاند لەچوارچێوەی کۆنگرەیەکی جیهانی میسرۆلۆژی، کە هەر چوار ساڵ جارێك ئەم کۆنگرەیە دەبەسترێت و ئەم ساڵیش ئەم کۆنگرەیە لەشاری"ڕۆد" دەبەسترێت. لە 29ی مانگی داهاتوودا، لەبۆتەی یەکەمین هەڵمەتی پشکنیندا کە زانایان ئاگاداری کارو دۆزینەوەکانی ئەون هەر لەو کاتەوەی کە دوو بەڵگەنامەی بەسەرکەوتوویی بڵاوکردەوە، یەکەمیان لەکەناڵی 3ی فەڕەنسی لە 2004 و ئەوی دیان لە دیسەمبەری 2005، ئەم ئارکیۆلۆژناسە سێ گۆڕی دۆزیەوە. کە دەستیان لێ نەدرابوو مێژوویان دەگەڕایەوە بۆ هەزارەی یەکەمی پێش لەدایکبونی مەسیح کە هەر پاش وێنەگرتن و شیکردنەوەیان لەبەر چاوشاردرانەوە. لەم ڕووەوە دەڵێ:"ئەم دیاردەیە زۆر سەرنجڕاکێشە بۆ شارستانیتیەك کە لەماوەی هەزاران ساڵ بەردەوام بوون لەناونان مەسەلەیەکی گەوهەری بووە بۆ زیندوێتی مردووەکان".



لەهەمان کاتدا لە"ڕۆدس" د. زاهی هەواس کە سکرتێری گشتیی ئەنجوومەنی باڵای ئەنتیکەخانەی میسریە، خەریکی کارکردنە لەسەر گۆڕی کیلۆپاترا، گەڕانەکەی لەخوارووی ئەسکەندەریەوە دەستپێکردووە، کە نزیکە لەدەریای سپیەوە، بەتیمێکەوە، کە پێکهاتووە لە دوازدە زانای ئارکیۆلۆژی و حەفتاکرێکاری هەڵکەندنی زەوی، لەوێشدا چەندین تۆنێلیان دۆزیەوە کە پارچە شوێنەواری جیاوازی برۆنزیان تێدا بەدی کردووە، کار لەم مەیدانە وەستاوە تاکو گەرما دادەکەوێ لەمانگی نۆڤەمبەر کە لەو مانگەدا ڕادار بەکار دێنن بۆ دەست نیشان کردنی شوێنەوارەکان لەژێر زەوی، زاهی هەواس ئەوەی ڕوونکردەوە کە شوێنەکە نزیکە لەشوێنی شەڕی دەریایی"ئاکتیۆم" لە 31ی پێش لەدایکبوونی مەسیح بەپێی گوتەکانی هیرۆدۆس.

**سەرچاوە: سایتی لوفیگارۆی فەڕەنسی**

## کۆمەڵە شیعری "خەمی غوربەتیشت دەخۆم"

# تروسکەهیوای شاعیرێکی لاوە و بەڕێگاوەیە

ئا: بۆتان جەلال

دەرباز یونس شاعیرێکی تەمەن 18 بەهارییە،"خەمی غوربەتیشت دەخۆم" دووەم کۆمەڵە شیعر و دووەم ئەزموونیەتی، لەتێکڕای شیعرەکانی نێو ئەو کۆمەڵە شیعرەیەدا، شاعیر بە هێڵێکی راست و بە خەیاڵێکی پەرتدا لە فەزای بەربرینی شیعردا دێت و دەچێ، وشەکان رۆمانسیانەت و وێنەکان خاوەنی چەندین شیکردنەوە و شرۆڤەی شیعرییانە لەخۆ دەگرن، روونترینیان لیرکیەتی واتاو چێژێکی میوزیکی دەدەن بە دەستەوە، ئەوەی زیاتر لە شیعرەکانی دەرباز یونس دەبیندرێ لە هەندێ شیعردا دیالۆگانە بناغەی شیعرەکانی دارِشتووە و هەڕەمیانە سەردەکەوێ، ئەمەیان بۆ شاعیرێکی هەژدە ساڵی و کەم دنیا دیتەو کەمی تاقیکردنەوەی لەو بوارەدا مایەی هەڵوەستەیە کە تواناو بەهرەداریەتی دەنوێنێ، ڕەنگە رۆژگاری ئاییندە زیاتر خەیاڵ و توانا شیعرییەکانی دەوڵەمەند بکات ئەگەر شاعیر سوود لە خوێندنەوەی زیاتر و ئەزموونی شاعیرانی سەرکەوتوویی پێش خۆی وەربگرێ و تۆزێك زیاتریش گرنگی بە ئامرازەکانی"زمان" بدات، راستە شیعری لیرکی زمانێکی سادەو شرینەو چێژدارە، بەڵام توانستی زمان و جوان بەکارهێنانی زمان لەهەر جۆرە شیعرێکدا دەبێتە مایەی توندو تۆڵی دیمەنەکان و خاوێن بوونەوەی لە خەوشەکانی زمان، دیارە شاعیر بە زمانێکی پاراو و سادە هۆنراوەکانی نووسیوەتەوە، بەڵام هەندێ جار لەکۆتایی شیعرەکانیدا ماندووبوونی پێوە دیار دەکەوێ، مەبەستم لەوە زمان و شارەزابوونی لە کون و کەلەبەرو رێساکانیدا فریای ناکەون، ئەمەش لەبەر کەمی ئەزموونیەتی لەشعیردا، شاعیری پاڵەوان و سوارچاکی مەیدانەکەی ئەوانەن کە لەزماندا دەستەباڵان و هەناسە درێژن، شاعیر راستەوخۆ لە هۆنراوەکاندا دەچێتە ناو گفتوگۆکردن و بەرەگاژۆبوونی مەبەستەکاندا شۆڕ نابێتەوە، بەڵکو یەکسەر دەیەوێ کۆتایی بەو گفتوگۆیە بهێنێ کە لەسەرەتادا دەستیپێکردووە، ئەمەش پاش چەند ساڵێکی دیکە دەتوانێ خۆی لەو"راستەوخۆ"یيە رزگار بکات و شێواز و ستایلی جوانتر و هونەرییانە بۆ خۆی بدۆزێتەوە، نموونە لە شیعری"فرمێسکی من"دا دەڵێت:

**هێندە دوورم لێت..**
**زامی ئەم دووریە سەختە**
**وردە وردە ئەمکا بەشێت...**
**ئەگەر رۆژێ لەخەو هەڵسایت**
**دەنگی باران هاتە بن گوێت...**
**بزانە خوڕەی فرمێسکی منە هەڵی ساندوویت**
**تا پێت بڵێت**
**ئاشقم پێت...**

بەهەموو پێوەرێکی شیعر نووسین، دەرباز هەستێکی ناسك و مرۆڤ پەروەرانەی هەیە، خەیاڵی بەپێزە و توانستی دەربڕینی تیژە، گەر لەسەر خوێندنەوە و بەدواداچوونی جۆرەها شیعری نوێ و کلاسیکی کوردی و هەروەها ئەزموونی شاعیرانی بیانی بەردەوام بێ. ئەوە مژدەی پێدەدەین کە بە شاعیرێکی لێهاتوویی ئاییندەی شیعری کوردی دەناسرێ، هیوا خوازین لە هەوڵەکانیدا بەردەوام بێت.

شایانی ئاماژەیە ئەم کۆمەڵە شیعرە"خەمی غوربەتیشت دەخۆم" لەزنجیرە چاپکراوەکانی نوالەی نوێیە و ژمارە 86ی ساڵی 2008ی پێدراوە، لەهەولێر لەچاپخانەی چوارچرا تیشکی لەچاپدانی بینیوە.




# ڕەونەقی گوڵ

عوسمان قادر عەلی



**رەونەقی گوڵ چوو رەواجی، کە دیم هیلالی یەک شەوە**
**گوتم خوایە منی خەوتوو، چۆن خەونێکم دی بەو شەوە**
**وەک زاهیدان چاوەڕێمە، بۆ بینینی هیلالی رووی**
**داگیرسێنێ گوڵ و رووخساری، موژدەی مانگی رووی یەک شەوە**
**لەنێو شەوی تاریکی چەم، لالەزاری مێرگی دەرکەوت**
**ئەمن سۆفی گوڵستانان، چۆن بەدرێکم دی بەو شەوە**
**ناڵەم برا چاو دەگێڕم، فریشتەی من رووی وەدەرخا**
**بینایی من کۆرە بی ئەو، دەستم بگرێ بەس ئەو شەوە**
**چەشنی مانگی نێو هەوری شەو، خۆی نیشاندام تاو نا تاوێ**
**گوتم یاخوا چراخانی، دڵ رۆشن کا ئەو بەو شەوە**
**وەرە مەلەک مەهێڵە خەم، باخی تەمەن بسووتێنێ**
**زیزە وەرزم لە پایزێ، بەهار بێنە تۆ بەوشەوە**
**تۆ بەهاری تۆ گوڵزاری، چرۆی هیوای تازە بەختم**
**دەستم بگرە من ئوفتادەم، جێم مەهێڵە تۆ بەوشەوە**
**چوزانێ خەم لە دڵ دەرچێ، میوانی بەختی ناوەختم**
**وەرە خەمخۆری دەردم بە، کاسەی پڕ مەی بە بەو شەوە**
**هەموو رۆژێ لەسەرێتم، رۆحم پەیوەست بەتۆ دولبەر**
**باڵی خەم تیژ، جەستەی بڕیم، فریام کەوە تۆ بەو شەوە**
**من شێت و مەفتوونی تۆ، زولف و پەرچەم لادە لەرووت**
**بادەرکەوێ لێو و کولمت، شەوی بەختم هەر ئەو شەوە**
**سوننەتە تۆ نەجاتم دەی، لێم بڕێژی زەهری مەی تاڵ**
**بزانە من مەجبوری تۆم، بەدری رووت دەرخە بەو شەوە**
**دەخیلت بم تۆ ئەمجارە، پەژارەی دڵ سارێژکە بۆم**
**دەستی شیفات بێنە سەر دڵ، دختۆرم بەتۆ بەو شەوە**
**بانە سووتێم لەم دۆزەخە، زولفی سەر رووت لادە تاوێ**
**گوڵی کولمت پێکە بۆ خەم، چراغی رووت پێکە شەوە**
**تووڵەڕێی نێو گوڵشەنی باخ، یاریی هێنا بۆ هەوارم**
**بۆ میوانی تەنیایی شەو، دولبەر ئەنیسم بەو شەوە**
**لاچوو پەردەی شەرمی شۆخم، پایزی جەستەی بەیانی دا**
**هەوری رەشی دوو زولفینی، مانگی ڕووی بەردا بەو شەوە**
**دڵم بزووت بەم مووژدەیە، خەجاڵەت بووم بۆ شەرحی ئەو**
**بادەنۆشی چ پێکێ بم، لە حوسنی ئەو من بەو شەوە؟**
**چۆن دەشکێنم من ئەمری ئەو، با زەحمەتێ بکێشم بۆی**
**باخی سینەی بەلێو تەڕکەم، بمژم کولمی ئەو بەو شەوە**
**هێندە تێنووی گوڵزاری ئەو، بۆ بارانی سۆزی عەشقم**
**ئاگرم گرت تا دامرکا، گڕی عشقی ئەو بەو شەوە**
**چ پێکێکم لەدەستبوو من، چۆن مەزەیێ لەسەر لێوم**
**جووت مەمکی ئەو پێکی شەراب، کولمی مەزەم بوو بەو شەوە**
**سەرخۆش نابم بەپێکی لێو، مەستی باخی خۆخ و سێوم**
**بەینی باخی دوو سێوی سوور، چۆن لعلێ بوو بۆم بەو شەوە**
**چ شیرینە شەربەتی سێو، بەنەزاکەت هەڵدەی پێکی**
**پێک لەسەر پێک سادەو خەست، لەخزمەت بووم من ئەو شەوە**
**کاتێک سەحەر بەیانی دا، لەنێو گوڵزار بوو بەهەرا**
**چ ژووانێ بوو(هەڵۆ سۆران) چۆن لەیاد کا ئەو ئەو شەوە!**